# به کراسی گوڵدارەوە شاجوانی!


کۆمەڵێك شێواز و ستایلی جل و بەرگ لە بەهاردا دەردەکەون، کچانیش بۆ هەر بۆنە و جێگەیەك، یەکێك لەو جلانە بە خۆشی لەبەر دەکەن. لەگەڵ هاتنەوەی هەر وەرزێکی ساڵدا، گۆڕانکاریی تەواو بەسەر مۆدە و ستایل و دیزاینی جلەکاندا دێت، بە تایبەتی جل و بەرگ. لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار، کچان زیاتر بایەخ بە جل و بەرگ دەدەن، تەنانەت زۆرتر لە جاران سەردانی بازاڕی جل و بەرگ دەکەن تا جلێکی جوان بکڕن. ئێستا کچان گرنگی بە کراسی درێژ دەدەن، ئەوەی بە (عەزیە) ناسراوە، ئەو کراسە بە جلێکی جوان و نایاب دادەندرێ، شێوەیەکی بەربڵاو و کراوەی هەیە، لایەنێکی دیکەی ئەو کراسە، جوانترە ئەگەر لە قوماشی نەرم و پەموو بێت، چونکە بەسەر جەستەدا شۆڕ دەبێتەوە و نەخشی جەستە دەردەخات.



لە وەرزی بەهاریشدا زیاتر جلی کراوە باوی هەیە، کچانیش دەیانەوێ لە زەماوەند و بۆنەی تایبەت بە خۆیاندا لەبەری بکەن. پسپۆرانی جل و بەرگیش دەڵێن، تا دەکرێ رەنگی کراسەکە رەنگاوڕەنگ بێ، یان قوماشەکەی نەرم و شل بێ، زیاتر سەرنجراکێش دەبێت، بەڵام ئەوەی زیاتر خواستی لەسەرە و لەلایەن کچانەوە داوا دەکرێ، کراسی عەزییەی گوڵدارە.







## جەنتای شێوە گوڵ و گوڵزار

زۆربەی ئەو ئێکسسوارانەی لەلایەن خانمانەوە گرنگیان پێدەدرێت جێگەی جوانی و بایەخن، بێجگە لەوەی کەرەستەیەکی تایبەتە بە خانمان لە زۆربەی بۆنە و سەرداندا بەکاری دەهێنن، جەنتای دەست بە گرنگترین ئێکسسواری خانمان دادەندرێ، هەر کچێك یان ئافرەتێك دەبێ زیاتر لە دوو یان سێ جەنتای هەبێ. هەڵبەت هەر یەکە لەو جەنتایانە بۆ مەبەستێك هەڵدەگیرێن. لەو کاتەی کچان جەنتایەکی ناسك شێوەیان لە دەستە، لەلایەن هاوڕێیان و کەسانی نزیك لە خۆیانەوە بە سەرسامییەوە لە جوانی جەنتایەکە دەڕوانن، کە چۆن و لە کوێ بە دیاری بۆیان هاتووە یان کڕیویانە. مۆدەی ئێستای جەنتای کچان، زیاتر باوی جەنتای گەورەیە، دەربارەی رەنگی جەنتاکەش چاکترە لە رەنگێکی زەق و بەهاری بێت، واتە ئەو رەنگانەی لە دوورەوە دیارن و بە رەنگی تێر و کراوە دەناسرێن، بەڵام ئەگەر هەر کچێك یان خانمێك دەیەوێ دەست و مەچەکی بە جەنتایەکی رازاوە دەربکەوێ، با هەوڵبدات کە نەخش و رەنگی جەنتاکەی بە گوڵ و گوڵزار رازاوە بێت، چونکە ئەو شێوازە مۆدەیە، جێگەی سەرنج و جوانییەکی بەرزیشی هەیە.







# ● قژی رازاوەی کیژۆڵان

خانمان لە هەر ئەرکێکی رۆژانەیاندا، بە گرنگی و روونییەوە لە ئەرکی خۆیان دەڕوانن، کە هەموو لایەنێکی جوانی بۆ ماڵ و منداڵ دەگرێتەوە، زۆربەشی پەیوەستە بە دەست رەنگینی و لێهاتوویی خانمانەوە، تا رەونەق و بەهرەی خۆیان لە هەموو کارەکاندا رەنگبداتەوە. لە زۆربەی ماڵاندا خانمان زیاتر ئەرکی ماڵ و منداڵیان لەسەر شانە، هەر ئەوانیش دەزانن چ جۆرە دیکۆرێکی جوان بۆ ماڵ دابنێن، یان دەتوانن بە جوانترین شێوە منداڵەکانیان جوان بکەن. هەڵبەت هەر جلێکیش کە بۆ منداڵانی خۆیانی هەڵبژێرن، شایستەیە. گرنگی دان بە منداڵیش هەر جل و بەرگ نییە، بەڵکو پاك راگرتن و دانانی تەسریحەیەکی جوان بۆ قژیان، تەنانەت بە داهێنانی شێوازێکی قژی منداڵ، دەبێتە جێگەی دەست رەنگینیت و رەنگدانەوەی جوانیت لەسەریان دەبێ. هەوڵبدە بە بەردەوامی چاودێریی منداڵەکانت بکەی، لە پاك راگرتنی جەستە و جل و بەرگیان، گرنگترین شتیش ئەوەیە فێریان بکەی کە چۆن بتوانن ئاگاداری خۆیان بن و خۆیان جوان بکەن.

ئەگەرچی جیاوازییەکی ئەوتۆ نابیندرێ لە نێوان شێوازی قژی منداڵان و خانمان، بەڵام ئەگەر شێوازی قژی منداڵان جیا بکرێتەوە لەگەڵ ئەوەی گەوران، زیاتر سەرنجراکێش دەبێت و سیمای جوانی منداڵ ون ناکات، تەنیا وەك شازادەیەکی بچکۆڵە نیشانی دەدات. تا قژی منداڵت جوان و ناسك بێ، کاری رۆژانەی پێویستە تا بە پاك و خاوێنی رابگیرێ و نابێ فەرامۆشیش بکرێ، چونکە لە دواجار نامۆ دەبێ و لە جوانی بێ بەش دەبێت.

# جلوبەرگ لە شیر



چەندین ڕێگەی جیاجیا هەن بۆ دروست کردنی جل و بەرگ، بو بە کاری دەستی یان بە ئامێر و مەکینەی تایبەت، تەنانەت چەندین مادەی جۆراوجۆریش دەتوانن بیکەن بە پێکهاتەی قوماشی جل و بەرگ. بەم دواییە جلێکی تازە دەرکەوتووە، کە لەلایەن وێنەگر و دیزاینەرێکی بەریتانی بە ناوی (جارۆسلاڤ ویکزۆر کیوکز)ـەو ئامادە کراوە. ئەم دیزاینەرە شلەمەنی و شیری بەکارهێنا بۆ ئەوەی جلێکی نایاب بۆ کچان ئامادە بکات. لەم کارە هونەرییەی ئەو وێنەگرەدا، چەندین وێنە و دیمەنی سەرنجڕاکێشی گرتووە، لە وێنەکانیدا وای دەرخستووە کە جل و بەرگی ئافرەتان لە شیر دروست کراوە، ئەو بیرۆکەیەش سەرەتایەکە بۆ سەرهەڵدانی دروست بوونی جلی مرۆڤ لە شلەمەنی بە گشتی و شیر بە تایبەتی.

# وێنەیەک سەرسامت دەکات!



ڕەنگە ئەوەی بۆ یەکەمین جار سەیری ئەو وێنەیە بکات، بڵێت: ئەو وێنەیە وڵاتێکی ئەوروپایە لە ساڵانی شەست و هەفتاکاندا، بەڵام ئەگەر دروست شوێنی وێنەکە بزانن، ڕەنگە سەرسام بن. لە وێنەکەدا دوو کچی شۆخ و شەنگ بە جلێکی مۆدێرن و مۆدەوە وێنەیان گیراوە، لە پشتی ئەو خانمانەش باخچە و شوێنێکی خۆش دیارە. با زیاتر دڵتان نارەحەت نەبێت، ئەو شوێنەتان پێ دەڵێین، کە ئێستا وەك وڵاتێکی دارماو و کاولی لێهاتووە، ئەو شوێنە ئەفغانستانە لە ساڵی ١٩٦٧دا. لەو کاتەدا یەکێك بووە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە زۆربەی بوارەکاندا، دیارترینیشیان پیشەسازی و وەبەرهێنان و ئاوەدانی. کەچی ئێستای ئەو وڵاتە بە وڵاتێکی زوڵم لێکراو دادەندرێ لە رووی گەشە و پێشکەوتنەوە، وەك لە وێنەکەدا ئەو کچە جوانانە بە جوانترین جلی ئەو سەردەمە خۆیان جوان کردووە، ئێستاش تەنیا چاوەکانیان دیارە و سەراپای جەستەیان داپۆشراوە.



# دۆمبەڵان

**ئا: ڕەوەند بەختیار**

سروشتی کوردستان تەنیا دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێش و دڵگیری نییە، بەڵکو لە بەهاردا زەوی و زاری کوردستان پڕ دەبێت لە چەندین جۆرە ڕووەکی خۆرسك و دەگمەن، هەر لەگەڵ سەوز بوونی دەشت و کێو و چرۆکردنی داردا، چەندین ڕووەکی خۆرسك پەیدا دەبن و لە زەویەوە دێنە دەرەوە، نموونەی ئەوانەش کاردی و تۆڵەکەو کەنگر و پیفۆك و سەرکەزەوی و دوومەڵان یان (دۆمبەڵان) و چەندانی تر. لە ناو هەموو ئەمانەدا، دوومەڵان یەکێکە لە بە بەهاترینیان.

دوومەڵان یەکێکە لە بەرهەمە خۆڕسکەکانی سروشت، لە وەرزی بەهاردا لە ژێر زەوییەوە دەردەپۆقێت، وەك هەندێك دەڵێن بەرهەمێکی ناخی زەوییە.دوومەڵان بە کێش و قەبارە جیاوازە، هەیە بچووکەو هێندەی دەنکە گێلاسێك دەبێت، هەشە گەورەیە بە ئەندازەی جیاواز، ڕەنگێکی بۆری هەیە، هەشە مەیلەو کاڵ خۆی دەنوێنێ.لەبەر ئەوەی ڕەنگی وەك خاك وایە، بۆیە بە زەحمەت دەدۆزرێتەوە، دوومەڵان دەکرێ لە هەموو شوێنێك بڕوێ، بەڵام زیاتر لە ناوچەی زوورگ و گەرمێندا هەیە.نرخی دوومەڵان زۆر گرانترە لە نرخی گۆشت،هەندێك جار لە دووقاتی گۆشتیش گرانترە، لەبەر ئەوەی بە زەحمەت دەدۆزرێتەوە و کەمە.

شایەنی باسە دوومەڵان تامێکی زۆر خۆشی هەیە بە چەندین شێوە دەخورێت، بە کوڵاوی یان بە سوور کردنەوە، لە جیاتی گۆشتیش لەسەر برنجی دادەنێن.





# ئافرەتێکی دانیمارکی بە جلی کوردی

جوانی و بەهای جلی کوردی، نەوەك لە نێو کچان و ئافرەتانی کوردا کاریگەرە، بەڵکو وای کردووە بێگانەش حەزی پێبکەن و وەك جلێکی جوان لەبەری بکەن. ئەوەتا ئافرەتان و کچانی ئەوروپیش حەز بە جلی کوردی دەکەن، تەنانەت کوردیان خۆشدەوێت و لە زۆربەی بۆنە و یاد و ئاهەنگی کوردیدا بەشداری دەکەن، (ئەنیتا ئەسپایندەر) ئەو ئافرەتەیە لە وڵاتی دانیمارك دەژی و خۆشەویستییەکی زۆری بۆ کورد هەیە، چەندین وێنەی جیاجیای بە جلی کوردی گرتووە و لە پەیجەکەی خۆی لە فەیسبووك داناوە، ئەوەی جێگەی سەیرە لە بۆنەکانی ئادار و نەورۆزدا ماوەیەکی زۆر لە کوردستان بوو، بە جلی کوردی سەردانی شوێنی گەشتیاری و بەشداری خەڵکی کوردستانی کردووە.

## نوکتە

پیاوێك منداڵێکی کەم ئەقڵی دەبێـــت و لەگـــەڵ خۆیـــدا دەیباتە بازاڕ، لە دووکانێکی ســـەوزە و میوە فرۆشتن، منداڵەکە وا دەکات مۆزێك دەخوات، خـــاوەن دووکانەکەش توڕە دەبـــێ و دەڵێ بەســـە ئەوەندە مۆزە مەخـــۆ، باوکی منداڵەکـــەش دێتە وەڵام و دەڵـــێ وازی لێ بێنە تەواو نییـــە و ئەقڵی تـــەواو نییە ! خاوەن دووکانەکـــەش دەڵـــێ: ئەگەر تەواو نییە ئەی بۆ پیاز ناخوات لە جیاتی مۆز !

## ماناى خەون

### ئەســـــپ



ســـواربوونی ئەســـپ لە خەوندا نیشانی گەیشتنە بە ئاواتەکانت، هەروەها ئەگەر لە سەر ئەسپ کەوتیتە خوارەوە، تووشی کێشە و گرفت دەبیتەوە. ئەسپی سپی لە خەودا واتە شایی و خۆشی، سەبارەت بە ئەسپی ڕەشیش نەخۆشی و دەردەسەرییە. ئەگەر لە خەودا ئەسپ حیلە بکات بەرامبەرت، بزانە کەسێك هەیە قسەت لە ســـەر دەکات، یان ئەگەر گۆشتی ئەسپت خوارد، ئەوە مانای هاتنی هەژاری و تووشی کێشەی کەم خواردن دەبیتەوە.

## جوانترین منداڵ



منداڵ هەر جوانـــە، لە هەر نەتـــەوە و تەمـــەن و ڕەنگێك بێت. تەنانەت گیانلەبەر و هەر ڕۆح لەبەرێکـــی بچـــووك، تا بچووکە جوانە و ئیدی لەگەڵ گەورەبوونـــی جوانییەکەی لە دەســـت دەدات، یـــان هەندێك جوانیان وەك خۆیان دەمێنێتەوە، ئـــەو کچە جوانـــەش نموونەی یەکێـــك لە جوانتریـــن منداڵی ئەفریقیایە، کە لە پێشبڕکێیەکی نێـــوان کۆمەڵە منداڵێکی جوان ئەو خوێن شـــیرینە نازناوەکەی بە دەســـت هێنا و بووە جوانترین منداڵی کیشوەری ئەفریقیا.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

لەبواری کارەوە لەرەوشێکی باشدا دەبن و دڵەراوکێ و بێزاریەکانت بـەرەو کۆتایی دەچێت، تەنها بـاری تەندروستیتان پێویستی بە چاودێری زیاتر هەیە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

هەروەك ماوەی پێشوو، هەمیشە نارەزایی پیشاندەدەیت سەبارەت بـەئـیش و کـارتـەوە، لەبواری کۆمەڵایەتیشەوە پەیوەندیەکانت ناجێگیر دەبـن، پێویستیت بە دڵنیایی هەیە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

لەوانەیە گەیشتن بە مافەکانت نزیك بێت، هەر چەند کۆسپیشت بێتە سەر ڕێگاو بەرەو نارەزایی و گلەییش ببیتەوە، لە هەنگاونانت بۆ پێشەوە مەترسە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کـەشـێکی ڕۆمـانـسـی هیواو ئـاواتـەکـانـت دەبوژێنێتەوەو شادومانت دەکات، بەڵام پێویستە بە ژیری ئەم دەرفەتە بقۆزیتەوەو لەدەست خۆتی نەدەیت.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

قسەی خۆش مار لەکون دێنێتە دەرەوە دڵە زامدارەکـان سارێژ دەکات، بۆیە پێویست بەوە ناکات بەهەڵچوون و توورەییەوە مامەڵە لەگەڵ دەووروبەرت بکەیت.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

لەبواری کاردا هەمیشە چالاك و پێشەنگیت لە جێبەجێکردنی پرۆژەی تـازەو نـوێ، بـەڵام لەم مـاوەیـەدا کەسێکی نامۆ دڵت توند دەکات و پەرێشانت دەکات.



## وتــەی نــاوداران

**- چارلی چاپلن دەربارەی کچ دەڵێ:**

باشـــترین کچ ئەوەیە، ئەگەر بیەوێ هاوسەری بکات، داوای ماڵێکی بچووك و دڵێکی گەورە بکات !



## زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ ڕێگا)
- پیتی خانەکانی (٣+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (وەك ڕووبارە، بچووکترە)
- پیتی خانەکانی (١+٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (ئەندامێکی جەستەیە گەورەترین ئێسکی تێدایە)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١)کۆ بکەیتەوە بە مانای (کانزایەکی بەنرخە بۆ جوانکاری و کەرەستەی ئافرەتان بەکاردێ)

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (**مەچکۆ**) بوو

## وتـــە

- چاوەڕوانـــی بەبێ ئومێدی، وەك مردن وایە بە زیندوویی !
- هەندێ کـــەس وەك وێنە وان، تا چەند گەورەیان بکەی، تێکدەچن.
- ڕاستگۆیی فێربە ئینجا عاشق بە، چونکە یاریکردن بە هەستی کەسانی دیکە، گەورەترین تاوانە.



## تابلۆ

ئەمە یەکێك لە تابلۆ هەرە جوان و نەخشینەکانی وێنەکێشی ئەمەریکی (ڕۆبێرت فریدریك بلۆم)ە و لە ساڵی (١٨٥٧) لە ویلایەتی ئۆهایۆ لە دایك بووە و لە ساڵی (١٩٠٣)، یەکێك بووە لە دیزاینەرە تازە پێگەیشتووانی ئەکادیمیـــای نێودەوڵەتی، لەم تابلۆیەدا کە بە ناوی (بەبێ ســـەما)، باس لە وێنەی ئافرەتێك دەکات، کە لە وێنەکەدا سەما دەکات، بەڵام سەمای ئافرەتەکە نادیارە و نازانرێ چ جۆرە سەمایەکە.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

تەنها بەخەون و خەیاڵ و هیواخواستن ناگەیت بە ئامانجەکانت، بەڵکو پێویستە خۆت ماندوو بکەیت و هەوڵ و کۆششێکی باش بدەیت، بـاری ئابووریت بە نا جێگیری دەمێنێتەوە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

تـۆ تـوانـای ئـــەوەت هەیە هـەنگـاوەکـانت بەسەرکەوتوو بهاوێژیت و بگەیت بە ئاکام، بـەڵام بـەمـەرجێك گـەر تواناو توانستەکانت بۆ یەکێك لە کارە گرنگەکانی تەرخان بکەیت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بەهاوکاری هاوڕێیەکی میهرەبانت بارودۆخێکی نوێت دێتە پێش و دڵخۆش دەبیت، چونکە دەتوانیت بەهرەو توانستەکانی خۆتی تیادا بخەیتە گـەڕو لـە سەرکەوتنت نزیك دەکاتەوە.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

نەیەڵیت خەم و خەفەت بەسەر عـەقـڵ و دڵـتـدا زاڵ بێت، دوورکەوتنەوەت لە ئیش و کاردا گەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت یـارمـەتـیدەرە بۆ ئـەوەی باری دەروونیت هێور بێتەوە.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

دەمارگیری و تووڕەبوون کێشەو گرفتەکانت چارەسـەر ناکات، کەمێك لەسەر خۆ ڕەفتار بکەو زیاتر ڕێزی کەسانی بەرامبەرت بـگـرە، تـاوەکـو ئـەوانـیش ڕێزی زیاترت لێ بگرن و قەدرت بزانن.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

یـەکێك لـە گـرفـتـەکانت بەرەو ئـاڵـۆزی زیـاتـر دەچێت، بۆیە پێویـسـتـە پێشی لێبگریت و بـەزوویـی و چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزیتەوە، داوای هاوکاریش لە هاوڕێکانت بکە.